# ملوانکە هێمای جوانییە



ئێکسسوار وەك کەرەستەیەکی ناسك و رازاوە، بە ناسکترین جۆرەکان و شێوازە جوانەکان، لە ستایلە گشتی و تایبەتییەکاندا، لە رێگەی دانانی لەگەڵ شێوازی جلوبەرگ و لایەنە جوانەکاندا دەردەکەوێت، بەمەبەستی زیاتر رازاوەتر کردنی گشت بەش و لایەنەکانی جەستەی خانمان. یەکێك لە ئێکسسوارە گرنگەکان وجێگەی سەرەنجراکێشی و جوانییەکی گەورەیە، بریتییە لە ئێکسسواری (ملوانکە)ی مل.

لە جوانییەکی گەورە و بریقەدار دەبێ دەربکەوێت، بەهۆی کراوەیی لە شێوازەکان، بە تایبەت نەخشی سەری ملوانکەکان کاتێك لەسەر سینگ دەوەستن، دەبێ بە هێما و نەخشێکی جوان و کاریگەر جوانییەکی نەرم و سادە بنوێنێت.

# ماکیاژی چاو بە جـ





دەتوانین لە رێگەی دانانی چەندەها ماکیاژ جوان و ناسك بۆ چاوەکان، بە رێگەیەك دەبێت رێنماییەکان بە گوێرەی راسپاردەکان بێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ناسکی و جوانی چاو بگونجێت، جوانی چاوەکان پابەندە بە جوانی لە رەواڵەتی ماکیاژێکی

# تەنوورەی کراوە مۆدەی سەرەنجراکێش و هێمنە



لە مۆدەکانی جلوبەرگ و ستایلە تازەکان لە دانانی نەخشێکی کراوە و ناسك بۆ جلی خانمان، لە رێگەی ئەو جلە ناسکانە دەبێت شێوازێکی تازە و جوان هەڵبژێرین، بەمەبەستی دانانی شێوەیەکی کراوە و ناسك بە جەستەی خانمان. یەکێك لە جلە بەناوبانگ و پێویستەکان بریتییە لە (تەنوورە). وەك جلێکی کراوە یان تەسك لە چەندها مۆدە خۆی دەنوێنێت.

یەکێك لە مۆدە جوانەکانی تەنوورە بریتییە لە مۆدەی کراوە و تەنوورەی گەورەکان، وەك مۆدەیەکی خاو و هێمن، لەسەر جەستەی خانمان دەوەستێت و شایانی جوانییەکی بەرچاو و کاریگەرە بۆ گشت لایەنێك، تەنانەت رەنگی تەنوورەکان مەرج نییە لە هەر رەنگێك بێت، تەنیا چاکترە لەگەڵ جلەکانی دیکە گونجاندن لە رەنگەکان تیایدا بەدی بکرێت.





# ـــــوانترین ڕەنگـــەکان



نەرم و ســادە بۆ پشــت چـاوەکان و دانانی سێبەرەکان لە ژێرەوەی چاو.

بۆیــە دەبێت ماکیاژێکی کراوە و، تەنانەت لــە هەندێك حاڵەتدا ماکیاژی تۆخ و ســادە ببێتە ئەو هەنگاوەی لە جوانییەکی دەوروبەری چاوەکان بدرەوشێتەوە. مەرجێکی گرنگ بۆ کاری جونکاری چاوەکان : دەبێ لە نزیکەوە ئـاگاداری دانانی ڕەنگـەکان و چۆنییەتی تێکەڵکردن نێوان هەر یەك لە ڕەنگەکانی پشت چاو و ڕەنگی ئەساسی رووخسار ڕێکبکەوێت، لەگەڵ گونجاندن نێوان ڕەنگەکان بە شێوەیەکی جوان و ناسك.



# تاجی سەرت هێمای شازادەیی بووکەکانە

خانمانی بــووك دەبێ ئاگاداری گشــت لایەنەکانی ڕازاندنەوەی ڕۆژێکی تایبەتیان بن لە لایەنەکانی جوانی و کارامەیی لە جەستە و بەدڵە و گشت هەنگاوێکی پەیوەندیدار بە جەستەی خانمانی بووك بن، یەکێك لەو لایەنە گرنگانە، جێگەی جوانی و ڕازاوەیی لە سەری خانمانی بووك دەردەخات، دەبێتە هۆکارێك بۆ شــازادەیی لە جوانییەکی بێ وێنەدا. ئەوەی مەبەســتمانە بریتییــە لە (تاج)ی ســەری خانمانی بووك، بوونی تاج زیاتر شـێوەی قژ و تەسریحە جوانتر و ڕازاوەتر دەکات، ئەمەش بەهــۆی بوونی ڕەنگی تاجــەکان لە ڕەنگی ئەڵماسی و یان ڕەنگی شین یان هەر ڕەنگێکی دیکە دەبێت. بەمەش لەگەڵ جوانی تەسریحە و قــژ گونجاندنێك دەردەکەوێــت و، بوونی تاجەکە لەســەری بووك هێمایەکی شاجوانی و شازادەیی لە جوانی خانمانی بووك.







# چیرۆکی ژیانی





چیرۆکی ژیانی گشت کەسێك بە چەندەها قۆناغ تێپەڕ دەبێت، لەوانە لە تەمەنی منداڵی تاوەکو پیر بوون، بەمەش دەتوانین قۆناغەکانمان دیار بکەین لە ڕێگەی وێنە، یان وێنەمان بگرین لە گشت قۆناغەکان، بەڵام ئەگەر سەیرێکی ئەو پیاوە بکەین، چیرۆکێکی ناخۆش و گەورەی هەیە.

# مانگاکانی چین (5) قاچن!



ماوەیەك بەر لە ئێستا هەواڵی چێڵێکمان بڵاوکردەوە لە وڵاتی ئوستراڵیا، کاتێك قاچێکی زیادەی لەلای ملی هەبوو، بەڵام جارەیان لەلایەن مانگایەکی دیکە، هەمان حاڵەتی پێشووی هەیە، تەنیا ئەو مانگایە لە وڵاتی چین دەرکەوتووە، ئەوەی پێشوو هیچ زانیارییەك نەبوو لەوەی چۆن چێڵەکە ٥ قاچی هەیە.

کەچی ئەوجارە چینییەکان هۆکاری ئەوکارەیان زانیووە و دەشتوانن چارەسەری بۆ بدۆزننەوە، جیاوازی ئەو مانگایە لەوەدایە.

قاچەکە لەسەر پشتی دەرکەوتووە نەوەك سەر ملی، هۆکارەکەشی بۆ بوونی جمکێکی دیکە هەبووە لە کاتی بوونی ئەو مانگایە لە سگی دایك.

# جەستەی منداڵێک بە

لە وڵاتی سعودییە دوای ئەوەی منداڵێك لە دایك دەبێت، سەرتاپای جەستەی لە ڕەنگێکی ڕەش داپۆشرابوو، تەنانەت هەندێك شوێنی جەستە سپی بوو، لە سەرەتادا پێشبینیان کرد ئەو ڕەشەی جەستەی ئەو منداڵە (موو) بێت، کەچی لە دواتر بۆیان دەرکەوت (خاڵ)ە، ئەو وردە خاڵانەی لە دەستەی





# ئوتۆمبێلە جوان

ئوتۆمبێلەکانی کاروباری حکوومەت دەبێ بە گوێرەی کارەکان بێت، لەگەڵ ئەوەی بۆ گشت لایەنێك بەکاردەهێنرێت، بە تایبەت ئوتۆمبێلەکانی پۆلیس، چونکە بۆ کاروباری تایبەتی و گشتی بەکاردەهێنرێت، بۆیە دەبێ ئوتۆمبێلی بەهێز و باش بن. کەچی لە هەندێك وڵات چەند جۆرە ئوتۆمبێلێکیان بەکارهێناوە، جێگەی



## منداڵێکی سەیر





(یۆهـان بیتر)، ئەو پیاوە قەڵەوەی لە منداڵی وەك منداڵێکی ئاسایی وابوو، تەنانەت بیری لە قەڵەویش نەکردبۆوە، کەچی ژیانی لە ناکاوێك بەرەو گۆڕانکارییەکی گەورە تێپەڕی و، دەکرێت ئێستا لە قەڵەوترین مۆڤەکانی جیهانی دابنێین، کێشی ئیستای نزیکەی (٣٠٠) کیلۆگرام دەبێت.

## بووکێکی خەوخۆش!



دوای ئەوەی ئاهەنگێکی گەورە سازدرا لە وڵاتی تایوان، بۆ کۆمەڵێك بووك و زاوا، ئەمەش وەك هەنگاوێك بۆ ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری زیاتر بێت نێوان کوڕان و کچانی ئەو وڵاتە، ئەوەی سەیر بێت لە کاتی ئاهەنگەکە خانمە بووکێکی خەو خۆش، ئاگاداری ئاهەنگی بووك گواستنەوەکەی نەبوو. ئەو خانمە وادیارە ڕۆژی پێشوو زۆر ماندوو بووە، لەگەڵ ئەوەش خۆی کەسێکی خەوخۆشە، لەلایەن وێنەگرێکی تەلەفزیۆنی کە وێنەی ئەو بووکەی گرتووە، دوای ١٠ خوولەك لە سەرەتای ئاهەنگەکە ئەو خانمە نووستووە تا پێش کۆتایی ئاهەنگەکە، ئەمەو چەندین جار لەلایەن زاوای ئەو بووکە بانگ دەکرا کەچی بێ سوود بوو.

## خاڵی ڕەش داپۆشراوە

مرۆڤدا هەن.

کەچی لە جەستەی ئەو منداڵەدا بە ڕێژەیەکی زۆر دەرکەوتووە، بۆتە جێگەی داپۆشینی گشت جەستەی، بە جۆرێك هیچ پێستی سپی دیار نەبێت بە تایبەت لە پشت. ئەو کچە ناوی (جۆری)یە و نزیکەی ٣ بەشی زیاتری جەستەی لە خاڵی ڕەش داپۆشراوە.






## ...ەکانی پۆلیس





سەیری لایەنێکی دیکە دەبێت.

وەك لە وڵاتی بریتانیا تراکتۆر بەکاردەهێنرێت وەك ئوتۆمبێلی پۆلیس، یان لە وڵاتی نەرویژ و کەنەدا چەند جۆرە ئوتۆمبێلێکی بچووکیان تەرخان کردووە بۆ پۆلیس، ئەگەر بە جوانی سەیری ئوتۆمبێلەکان بکەیت، جێگەی پێکەنین و سەمەرەیە!



# پیاوێکی پیر وەرزشکارێکی سەیرە

وەرزش بۆ هەمووانە، مەبەست نەوەك بۆ گشت تاکێکە، بۆ گشت تەمەنێکە، گەنج و لاو و پیر و منداڵ بۆیان هەیە وەرزش بکەن، ئەمە قسەی ئەو پیاوە پیرەیە کە لە وڵاتی ئوسترالیا دەژییێت، تەمەنی نزیکەی (٩٥) ساڵ دەبێ، تا ئێستاش دەتوانێت بە شێوەکی جوان ڕابکات لەسەر حەلەبەکانی یاریگا، هەروەها دەتوانێت پێشبڕکێ بکات بەبێ ئەوەی ماندوو بێت.

(مایك کالۆن) ئەو پیاوەیە، ریش و سەری هەموو سپی بووە و بە خێراییەکی گەورە دەتوانێت وەرزش بکات، وەك لە وێنەکەدا دەبینن، ئەم کارە وەرزشیە مانگانە جارێك دەکرێتەوە بۆ پیاوە بەتەمەنەکان بۆ ئەوەی لە وەرزش بەردەوام بن.


# پیاوێک ٢٢٧ تیشێرتی لەبەر کرد

ماوەیەك بەر لە ئێستا کوڕە گەنجێك توانی (١٢٠) تیشیرێت بپۆشێت، دوای پۆشینی ئەو ژمارە تیشێرتە، وەکو بەرمیلێك دەهاتە بەرچاو، بەڵام ئەو پیاوە ویستی ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار بکات.

کاتێك بڕیاری دا ژمارەیەکی زیاتر لە تیشێرت لەبەر بکات، بۆ ئەوەی ئەوەندەی (٢) بەرمیل دەربکەوێت.

(ماسیمۆ هەنگا) پیاوێکی وڵاتی ئەرجەنتینە و، دوای ئەوەی بە یارمەتی هاوڕێکانی توانی (٢٢٧) تیشێرت لەبەر بکات، شێوەی ئەوەندەی بەرمیلێکی نەوت، کاریگەری ئەو تیشێرتانە بووە هۆی گەرم بوونی جەستەی و تەنانەت بە ئاستەنگ هەناسەی دەدا.





# پشیلەکان دەکرێن بە تابلۆ!

کارە سەیرەکان بە جوانترین شێواز ئەنجام دەدرێن، تەنانەت هەندێك بۆ خۆشی و هەندێکی دیکەش بۆ کاری تایبەت و جوانکاری دەکرێت، لە ڕۆژئاوا و وڵاتانی ئەوروپا گرنگییەکی تەواو بە گیانداری پشیلە دەدرێت، بۆیە بەم دواییە بیرۆکەیەکی تایبەت و سەیر بۆ پشیلەیان داهێناوە، ئەویش بریتییە لە بۆیە کردنی پشیلەکان و دانانی وێنە و نەخۆش لەسەر جەستەیان.



بیرۆکەی ئەو کارە لەلایەن پیاوێکی (فەڕەنسی) بوو، تا ئێستا هەزارەها پشیلەی ئەو وڵاتە ڕەنگکراون یان وێنە و نەخشیان لەسەر جەستە دانراوە. بەمەش دەبێتە هەنگاوێکی جوان و سەیر کاتێك پشیلەیەکی لەم جۆرە دەبینین.



# گەورترین نەهەنگ راو کرا

گیاندارە گەورەکان دەبن بە حاڵەتێکی سەیر لەبەر چاوی گشت خەڵك، ئەمەش وەك سەرسامییەك یان شتێکی گەورە دوور لە سرووشتی شتەکانی دیکە دەبینرێت، بە تایبەت کاتێك گیاندارە گەورەکان دەکەونە ژێر دەستی مرۆڤ و یان راو دەکرێن.



لە باکووری وڵاتی چین، توانیان گەورەترین نەهەنگ راو بکەن، نەهەنگەکە کێشی (٣) تەن دەبێت و درێژییەکەی نزیکەی (١٢) مەتر دەبێت و ئەوەندەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر دەبێت. بۆیە توانیان نەهەنگەکە راو بکەن، چونکە تووشی نەخۆشی هاتبوو، لەلایەن راوچییەکانی چین بە ئاسانی راو کرا، ئەگەر بێت و گۆشتەکەی دابەش بکەین، رەنگە بەشی نیوەی هەولێر بکات.



# سکی (٧) منداڵی تێدایە

ئەو وێنەیەی دەیبینن دروست کراو نییە، ئافرەتێکی چینییە و سگ پڕە، نەوەك وا بیر بکەنەوە و بڵێن شتێکی لەناو سگی داناوە، ئەم خانمە ناوی (سینۆگ)ە و تەمەنی (٢٩)، لە هەرێمی گواینگ لە وڵاتی چین دەژیێت، کاتێك سگی دەبێت، بە جۆرێك سگەکەی گەورە دەبێت، ئەمەش دەبێتە جێگەی نیگەرانی ئافرەتەکە، بۆیە روو لە نەخۆشخانە دەکات بۆ پشکنین. دوای پشکنین، بۆی دەردەکەوێت کە سگەکەی (٧) حەوت منداڵی لە خۆ گرتووە، نزیکەی (١) مانگی ماوە بۆ کاتی منداڵ بوون، وەکو خۆی دەڵێت : من حەزم لە منداڵە و ئامادەم هەر (٧) کۆرپەکەم بەخێو بکەم و هیوام هەموویان سەلامەت بن.


# دوو خانمە جاڵجاڵۆکە

دوو خانمی جالجالۆکە، ئەو ناوە سەیرەیە لەم دوو خانمە کچەیان ناوە، ئەمەش بەهۆی شێوەی دوو کچەکە کە بەیەکترەوەن، تەنانەت تەمەنێکی زۆریان لەگەڵدا بەسەر بردووە و تا ئێستاش چارەسەر نەکراون، ئەو دوو کچە لە کاتی لە دایك بوون بەیەکترەوەن و نزیکەی (٢٧) ساڵە پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن.



ئەو دوو کچە لە بەنگال لە دایك بوونە و، ژمارەی خێزانەکانیان ٢٢ کەسن.

تەنیا ئەو دوو کچە بەیەکتر بوونە، بەمەش دەبن بە دوو خانم ئەوەندە ساڵە لەگەڵ یەکتر ژیان بەسەر ببەن و بەبێ ئەوەی لە یەکتر دڵتەنگ بن، ئەوەندەش یەکتریان خۆشدەوێت کەس وەکو ئەوان نییە.




# سەگم لە منداڵ خۆشتر دەوێ



کاتێك ئافرەتێك منداڵێکی بچووکی دەبێت، هێشتا لە توانای ڕۆیشتنی نییە، بۆیە لەلایەن دایکەوە یان باوکی عەرەبانەیەکی بچووکی بۆ تەرخان دەکرێت، تاوەکو بە ئاسانی بگوازرێتەوە و، هەروەها وەك لانەیەکی بە جوولە بێت بۆ حەسانەوەی منداڵەکە، کەچی لەلای ئەو ئافرەتە کەنەدییە عارەبانە بۆ سگەکانییەتی نەوەك منداڵ!

## یاری جولانەوەی پیتەکان

دەتوانن بە گۆڕینی پیتێك بۆ یەکجار لەم چوارگۆشانە، لە چوارگۆشەیەك بۆ یەکێکی تر، دەتوانن بگەن بە ناوی تەواو کاتێك هەنگاوەکان تەواو دەبێت.

ر ا ۆ ێ س ك

ئاسانکاری : خەڵاتێکە !
وەڵامی پێشوو : گیانداری (نەهەنگ)

## نوکــــتە

- جارێکیــان بۆ پیرەمێردێـك ڕێکدەکەوێت پیرەژنێك ماچ دەکات، بۆ ڕۆژی دوایی لێوەی ئەستوور دەبێت و دەچێتە لای دکتــۆر، دەڵێ: دکتۆر بزانــە دەم و لێوم چی لێهاتووە ؟ دکتۆریش دەڵێ: مامە هیچ نییە، لەوانەیە شــتی ئێکسپایرت خواردووە!

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

تووشی سەرسوڕمان مەبە کاتێك کەسێك داوات لێدەکات ئامۆژگاری بکەیت، تۆ قسە دەکەیت و دەوروبەرت گوێت لێ دەگرن ئەمەش هەمووی بەهۆی ئەو توانایەیە کە ئەزموونی ژیان پێی بەخشیویت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەم هەفتەیە زۆر گونجاوە بۆ کۆتایی هێنانی کێشەکانت و چارەسەرکردنیان، دەتەوێ سەردانی شوێنێك بکەی کە پێشتر نەتبینیوە، مەرج نییە ئەوەی قسەی خۆشت بۆ بکات تۆی خۆش بوێت.

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

زۆر دڵنیا نیت لە دەربڕینی هەستی خۆت، چالاکی کۆمەڵایەتی و بینینی هاوڕێ و سەفەرکردن لەهەنگاوە پێویستەکانن پێویستە ئەنجامیان بدەی، پێویستیت بەیارمەتی کەسانی تر هەیە و ڕای دەوروبەرت وەربگرە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

وەفادار بە بەرامبەر ئەو کەسانەی وەفادارن بەرامبەرت، دەرفەتێکت بۆ دەڕەخسێت لەبواری کارکردندا کە دەمێکە چاوەڕوانی دەکەی، تا پێت دەکرێت هاوڕێ پەیدا بکە لەداهاتوویەکی نزیکدا پێویستت پێیان دەبێت.

### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢


ئەگەر هەست بە خەمناکی دەکەی ئەوە تاوانی خۆشەویستەکەت نییە، پێویستە کارێك نەکەی دڵی لێت برەنجێت، ئەو دڵی هەر لای تۆیە و خەمناکە بەهۆی ئەوەی تۆ ئاسوودە نیت، چەند ڕۆژێکی تر کۆتایی بەو خەمناکییە دێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بایەخی زیاتر بە ڕێکخستنی باری دارایی خۆت بدە، لەهەندێ لایەنی تایبەتی ژیانت هەست بە دڵتەنگی دەکەی بەڵام ئەگەر هەر کێشەیەکت بۆ دروست بێت چارەسەری بۆ ئەدۆزیتەوە.

ئا/ هێمن قەسرەیی






## ئاسۆیی:

١- شەش پیتی یەکەمی خاوەنی وێنەی ژمارە(١).
٢- هێز بە عەرەبی (ت)+ گۆڤارێکە تایبەت بە وێنە
٣- شوێنێکە لە باکووری کوردستان
٤- پیتی (١) + سەعید(ت)
٥- زمان(ت)- ناوێکە(پ)
٦- وەکو یەکن- یاریزانێکی میسریە
٧- یاریزانێکی یانەی مانچستەر یونایتدە(پ)، چوار پیت لە(دارین).
٨- وەکو یەکە+ وەکو یەکە- ناوی دووەمی خاوەنی وێنەی ژمارە(٢)(ت).
٩- هونەرمەندێکی عەرەبە+ ژمارە یەکە(پ)
١٠- وەکو یەکە+ یاریزانێکی ئیتاڵییە
١١- خۆم (پ)+ بڕوا(پ)
١٢- مۆز ئینگلیزی(پ)

## ستوونی:

١- ناوی یەکەمی خاوەنی وێنەی ژمارە(١)
٢- ناوێکە
٣- وەکو یەکە+ وەکو یەکە
٤- بێژەرێکە لە کەناڵی ڕۆتانا+ گەورەترین کۆمپانیا هونەری عەرەبییە
٥- گۆرانییەکی زەکەریایە(پ)- مانا(ت)
٦- ئازا- تامر(ت)
٧- چوار پیت لە (دەکات)- یاریزانێکی یانەی بایرن میونخە
٨- وەکو یەکە+ وەکو یەکە- چوار پیت لە (نەتەوە).
٩- ڕۆشن+ خاوەنی وێنەی ژمارە(٥)
١٠- ئێمە بە ئینگلیزی+ بەشێکی سەرەکییە لە جەستەی مرۆڤ
١١- چوار پیت لە(جیرارد)
١٢- چوار پیتی کۆتایی ناوی وێنەی ژمارە(٤)

## بۆ زاخاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..


| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی پێش)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کاتێك یەکێك بە پێ لە یەکێك دەدات)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئەو کەسەی بە عەربی پێدەگوترێت (ملك)
- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (نازناوێکە بۆ بانگکردنی پشیلە بەکاردێت)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (گوگڵ ) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەلایەن سەرچاوەیەکی چاوەڕواننەکراو هاوکاری دەکرێیت لەبوارێکدا کەپێویستیت پێی هەیە، بەشێوەیەکی ڕوون ئەوەی لەدڵت دایە دەربـبڕە نەوەك کەسانی تر بە هەڵە تێ بگەن.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

سەفەر کردن لەم ماوەیەدا ئارامت دەکات ئەگەر حەزیشت لەسەفەر نییە بانگهێشتی هاوڕێ و کەسە خۆشەویستەکانت بکە و کاتێکی خۆش بەیەکەوە بەسەر ببەن، خۆشەویستەکەت چاوەڕوانی دیاریەکت لێدەکات.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەگەر خۆشەویستت هەیە ئەوا چاوەڕوان بە دیاریەکی سەرنجڕاکێشی بۆ ئامادەکردووی کە زۆر پێی سەرسام دەبیت و ئەو گومانەت لا نامێنێت بەوەی وەك جاران ئەو تۆی خۆشناوێت.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

زۆر خۆت ماندوو دەکەی لەکارەکتدا بەڵام بەم نزیکانە پاداشتی خۆت وەردەگریت و دەستخۆشیت لێدەکرێت، گرنگ ئەوەیە تۆ و کەسی بەرامبەر یەکترتان خۆشبوێت بۆیە هیچ بایەخ بە قسەی خەڵك مەدە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

نهێنیەك ئاشکرا دەکەی وەك ئەوە وایە نهێنی نهێنییەکان بێت بەهۆیەوە زۆر شتی ترت بۆ ڕوون دەبێتەوە و باشتر کەسانی دەوروبەرت دەناسی، ئەوانیش پێویستیان پێت دەبێت و داوات لێدەکەن بیانبەخشیت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەوڵ بدە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددی کە ئێستا زۆر پێویستیت پێی هەیە، چاوت بە ژمارەیەك هاوڕێ دەکەوێت، کاتێکی خۆش بەیەکەوە بەسەر دەبەن و چەند یادگاریەکی خۆش دێنەوە یادتان.

hemntoni@yahoo.com

